# بەكۆمەڵكوشتنی دوعاو مارەبڕینی(شەیما، 13ساڵ)، یەك سەرچاوەیان هەیە!

سەلام عەبدڵا

لە رۆژی 2007/6/3 لە گەڕەكی سەركەوتن(مەلا عەزیز)، مارەی منداڵێكی تەمەن 13ساڵ، پۆلی6ی سەرەتایی بۆ كوڕە پورەكەی(س م، نزیكەی 30ساڵ لەلایەن(مەلایەك)ەوە، بڕا.

كاتێ ناسیاوێك لەو منداڵە پرسیار دەكات: بۆچی ئەڵقەی مارەیی لە دەستت ناكەی؟

لە وەڵامدا وتی: شەرمدەكەم!

شەیما هێشتا لەناو گەڕەك لەگەڵ منداڵاندا یاری دەكات، بۆیە مناڵانیش بە زۆروملی ناچار كراون باسی بەمێردكردنەكەی بكەن كە هێشتا بۆ تەمەنیان زۆر زووە. ئایا دەكرێ ئەم كارە قێزەوەنە بە تیرۆری كۆمەڵایەتی دژ بە منداڵ ناونووس بكرێت؟. ئایا چی وا دەكات كیژۆڵەیەك بەناوی رۆژە(تەمەن 7ساڵ) بە دایكی بڵێ: باوكم....دەخوا، ئەگەر بیەوێ بەمێردم بدا!

ئەم دەربڕینە گەرچی واتای ئازایەتی منداڵێك دەدا، بەڵام لە هەمان كاتدا لە ترس و نائارامییەكی قووڵیشەوە هاتووە.

لە چاوپێكەوتنێك لەگەڵ كاك خالد(مامی شەیما)ولە وڵامی پرسیاری: بۆچی ئەو منداڵە لە ئێستاوە بە مێردتان داوە، وتی: دنیاكە خراپ بووەو ماڵی براكەم تاقە ماڵەو ئەوە چەندین جارە كوڕی خەڵك دێن بۆ داوای شەیما، بەڵام ئێمە كچی خۆمان بە غەریب نادەین. ئێمە بە خزمەكەمان وتووە كە ئێستا مارەی دەبڕین، بەڵام كە شەیما بوو بە 20ساڵ، ئەوسا دەیگوازنەوە!

پرسیار: مەلاكە ناوی چی بوو؟

كاك خالد: بەخوا نازانم، ئەوان لە كەلارەوە لەگەڵ خۆیان هێنایان.

پرسیار: بۆچی لە دادگا مارەی نابڕن؟

كاك خالد: چونكە كچەكە منداڵە!

لەیلا خان(بەرپرسی سەنتەری ئۆلف پالمە)لەبارەیەوە وتی: منداڵ لەم تەمەنە چی دەزانێ، تا بخرێتە بەر بڕیاردان لەبارەی مێردكردنی؟!بە راستی كاتێ گوێم لەم جۆرە تاوانانە دەبێ، قێزم دێتەوە. لەبارەی رۆڵی مەلا ئاینییەكانیشەوە كە رێ بەم جۆرە مارەبڕینانە دەدەن، وتی: من مەلایەكم نەبینی شتی باش بكات.

هەروا لە پەیوەند بەم كێشەیە، نەرگس ئەلماس(یەكێتی ژنانی كوردستان)، وتی: مارە بڕینی منداڵی 13 ساڵ، تاوانە.

ئاڵا باهر(بەرپرسی راگەیاندنی یەكێتی ژنان، وتی: ئەم هاوسەرێتییە 99٪فاشلەو منداڵ لەو تەمەنە ناتوانێ لەبارەیەوە بڕیاری دروست بداو هەروا بۆ هەردوو لایەن باش نییە.)

كاتێ(شەیما)ی منداڵ لەناوەڕاستی منداڵەكانی مامی، بینی، شەرم لە مرۆڤبوونی خۆمم كرد.

ئەمە یەکەم جارو دوا جار نییە، مەلایەکی بێ کەرامەت و بێ رەوشت، نەترسانە سەرپێچی لەم جۆرە تاوانە کە شێوەیەکە لە زەوتکردن، بەشداری بکات. بکوژانی هەزاران ژن و کچی بێتاوان وەك دوعاو ئەو مەلایە، لە یەك سەرچاوەوە سەریان هەڵداوەو دەبێ بێڕەحمانە سەرکوت بکرێن، ئەگەر ئێمە ئینسان بین بمانەوێت بە کۆمەڵگەیەکی ئینسانی بگەین؛ ئەگەر بمانەوێت رێگە لە بەرەڵایی وبەدڕەوشتی ئیسلامی بگرین(زەواجی عورفی، زەوازی مسیار، زەواجی موتعە، زەواجی مصیاف و ئەو جۆرە زەواجانە کە رێگایان پێدراوەو سەدان ساڵە پەیڕەو دەکرێ وەك(گەورە بە بچوك، ژن بەژن، مارەبڕین بە نرخی ئاڵتون، شیربایی وەرگرتن، فرەژنی...هتد)و رەگەزی مێینە نەهێنرێت بۆ ئاستی جەستەو خۆشەویستی قەدەغە نەکرێ!

ئەو"خاوەن ڕەوشتانە"، هەموو کارێکی بێڕەوشتانە دەکەن و لە پاڵیەوە لاقەی کەر، منداڵ و سەردانی سایتە سێکسی ڤیزەوەنەکان دەکەن و"بەشەهامەتەوە" لەلای برادەرەکانیان باسی سەردانەکانیان بۆ لای سۆزانییەکان دەکەن، کەچی خوشك و کچەکانیان ناچاری دەسپەڕلێانی ژێرپێخەف دەکەن، ئەگەر بە سەددان شێوە تۆڵەی جۆراوجۆری لێ وەرنەگرن!.

رێکخراوەکانی بەرگری لە مافەکانی منداڵ و ژنان وحکومەت و دامودەزگاکانی یاساو پۆلیس و ئاسایش بەرپرسیارن لە ناسین، رسواکردن، دەستگیرکردن و سزادانی ئەو مەلا بە"ئەخلاق"ەو هاوچەشنەکانی.

شایانی باسە، کچ و ژنەکان تەنها قوربانی نین، بەڵکو نموونەی بەرگریشن لە مافەکانیان، بۆ نموونە کاتێ لە کەلار مەلایەك مارەیی منداڵی سەربەرز و ئازا(ش. ح، تەمەن14ساڵ) بۆ پیاوێکی تەمەن حەفتا و شەش ساڵ دەبڕێ و بە یارمەتی خەڵکی کەسانی خاوەن ویژدان و کەرامەت، لە دەست"مێردەکەی" هەڵدێ(خەڵك، ژمارە14).




رۆژانە دەستدرێژی بۆ ژنان و کچان ئەنجام دەدرێ و لەناو خێزان رووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە و بەناوی نەریتیەوە ناهێڵن لەماڵەوە دەربچن و بەزۆرەملی سەرپۆشیان لەسەر دەنێن((ئەمانە بەرهەمی – الحملە الایمانیەکەی سەدام حوسین و رەوتە ئیسلامییە"خاوەن ئەخلاق"ەکانە-)). بەداخەوە بەشێك لەو جۆرە دیاردانە زۆر بە زەقی لەناو ئەو کوردانە باوە کە کاتی خۆی تەعریب کران و لەناوچەکانی ژێر کارتێکردنی رەوتە ئیسلامییەکان لە شارەبان، فەلوجە، سامەڕاو باقوبە ژیاون.

بۆ رێگەکرتن لەم جۆرە تاوانە، رێکخراوەکانی ژنان لە دەڤەری خانەقی دەبێ زیاتر بایەخ بە کۆبوونەوەو

**هوشیارکردنی رەگەزی مێیەنە بدەن و رۆژانە سەردانیان بکەن وئاگاداری وردەکارییەکانی ژیانی رۆژانەیان ببن.**

2007/6/7

07701929872
dwaroj@yahoo.de